
کۆمیسیۆن نوێترین ئاماری ژمارەی کاندیدانی راگەیاند



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق نوێترین ئاماری لەبارەی ژمارەی کاندیدەکان ئاشکرادەکات و دەڵێت، زیاتر لە حەوت هەزار و ٧٠٠ کاندید دەگرێتەوە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ٦ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت، ژمارەی سەرجەم کاندیدان بۆ کۆبڕکێی هەڵبژاردن برتیییە لە حەوت هەزار و ٧٤٤ کاندید، هەروەها تاوەکو ئێستا ٨٤٨ کاندید لە کۆبڕکێی هەڵبژاردن دوورخراونەتەوە.

ئەمەش لەکاتێکدایە، بەیانی سەشەممەی داهاتوو ١١ـی تشرینی دووەم، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، تاوەکو ئێستاش کۆمیسیۆن بۆ هەکاری جیاواز سەدان کاندیدی لە کۆبڕکێی هەڵبژاردن دوورخستووەتەوە.